www.kurdistannet.org

# سڵاونامەی سکرتێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بۆ ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانی

ڕێزدار مام جەلال
سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
سڵاوێکی گەرمی برایانە

پێخۆشحاڵم بە ناوی خۆم و سەرکردایەتی و ناوەندەکانی پارتی کارەوە، پیرۆزبایی 27 مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان "یەکێتی نیشتمانی کوردستان "بە جەنابتان ڕابگەیەنم، لە ڕێگەی ئێوەشەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی و تەواوی تێکۆشەرانی ی ن ک بنێرین.

هێژا مام جەلال
لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی 1991 ەوە باشووری کوردستان بە چەند قۆناغ و پلەیەکی سیاسیی خەتەرناکدا تێپەڕیوە، پاشماوەی ئەو مەترسیانە بەسەریەکدا کەڵەکە بوون و، ئێستاش کوردستان و دەوڵەتی عێراق و ناوچەکە لەبەردەم ئەگەری گۆڕانکاریی و ڕووداوو وەرچەرخانی خەتەرناکتردان.

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان پێی وایە لەم هەلومەرجە ناسک و لەم تاریکاییانەی ئابلۆقەی کوردستانیان داوە، تاقە ڕێگایەک کە بتوانێت گەل و وڵات و بزاڤەکەمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەگەرو وەرچەرخانانە ئامادەبکات و گەلەکەمان لە باشوور لە زیانی گەورە بپارێزێت، سەپاندنی ئاشتی و یەکخستنەوەی باشووری کوردستانە: بە گەل و بزاڤ و ئیدارە حوکمڕانییەکانییەوە.

بەبێ ئەم یەکخستنەوەیەی باشوور، کارکردن لە هەر بوارێکی تردا، نەک هەر ناتوانێت گەلەکەمان بەرەو ئایندەیەکی باشتر ببات، بەڵکو ناتوانێت دەستکەوتەکانی ئێستاش بپارێزێت.

ئێمە وەک پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان سەپاندنی پرۆسەی ئاشتی و یەکخستنەوەی بەشە ڕزگارکراوەکانی ئێستای باشووری کوردستان بە پێشەکییەکی پتەوی نەتەوایەتی و سیاسیی دادەنێین بۆ ڕزگارکردنی ئەو دەڤەرو ناوچانەی کە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقدان، هەر بۆیە ئەم بوارە بە مەیدانی سەرەکی و هەنووکەیی کارکردنی خۆمان دەزانین. لەم ڕەوت و پێناوەشدا، هاوشان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەموو حزب و هێزە نیشتمانییەکاندا ئامادەی گشت چەشنە هاوخەباتیی و هاوکارییەکین.

سڵاو لە 27 مین بیرەوەریی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.
سەروەریی بۆ شەهێدانی ڕێگای سەرفرازیی و ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بە شەهیدانی ژن و پیاوەوە

شوان شێخانی
سکرتێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
**2002 06 03**